# بۆ ئەو بایەریەی ئەدرەسی
# نەمزانیم لەمیونشـن...

عادل شاسواری

## ئەدرەس

لە هەر جێ یەك ، یادم بكەیت
لە هەر لایەك ، بەدوای ئەدرەسما بگەڕێیت
بە هیوا بیت ، بمبینیەوە
بێ خەم سەری وەفا بەرزكەو
لە دەربەندی كتێبـاندا ، بۆم بگەڕێ
دڵنیابە .. دەمبینیەوە..!

## ڕەگ و باڵا

ڕووبـار دەڕوا ..
هەرگیز ناگەڕێتەوە دوا
چناریش بەرز .. بـاڵا دەكا
منیش هێمن لەم نێوەندا
ڕەگم هەروەكو ڕووبـار و
بـاڵایشم وەك چنار دەكا ..!

## ڕەش یان شەڕ

لە چاوی خامە ئەبـاری
دڵ دوا سووتووی كەوتە زەوی
كاتێ كە جەنگ
یەخەی بیری دادڕاندو

پەتی هۆشی
لە هۆڵی لێکدانەوەدا
بە داری هیوا هەڵواسی ..!

## پیاڵە چایەک

کوڕە لاوێك دەچێتە جەنگ
پاش ماوەیەك ئەسیر ئەکرێ
( 7 ) ساڵ لەنێو زیندان دەنرێ
پاش زیندانی ئینجا نۆرەی ئازادی دێ
دایکی کوڕە بەباوەشێك ئومێدەوە
ئامێزی بۆ دەگرێتەوە
هەر لە رێوە جامێ ئاوی سازگاری بۆ دەهێنێ
- ئۆخەی ڕۆڵە
پێش ئەوەی سەر بنێمەوە
چاوانم پێت ڕوون بوویەوە
دانیشە لام کوڕی دایە
با چایەکت بۆ دەم بکەم
لە ژێر کەپری کۆنە هەواری مناڵیا ...
کوڕە دانیشت ، لەگەڵ لێزمە بارانی خەم ..
گێڕانەوەی ڕازی دووریی نیشتماندا ..
چا پێ گەیشت
- فەرموو ڕۆڵە ...
دەمێکە ژەم دەستی دایکت نەخواردووە
نۆش کە بەندی جگەرەکەم .
لەگەڵ یەکەم قوومی چادا لارە مل بوو
کۆستی دایك کەوت بوو بە دوو
چونکە بەدەستی خۆی کوڕی ،
کوشت بەیەك پیاڵە چایی
کتری چاکە دوو پشکێکی تیا کولابوو ..!

## هیوا

که منداڵ بووم ، له لادێ بووین
ساڵێکیان زستان زۆر تووش بوو
باوکم سەفەری کردبوو
کاتێ لەشار گەڕایەوە
میزەڵانی ڕەنگاو ڕەنگی بۆ هێنا بووم
ئەو شەوە تاکو بەیانی
خەوم بەبەهارەوەدی ..!
که گەورە بووم بە هیوا بووم
شیعرێکی ئاوەها بڵێم
وەك میزەڵانەکەی باوکم
یادگارێك بێ بۆ مرۆڤ
سور و زەرد و ڕەش و سپی
بۆ ئەوەی هەموویان تێکڕا
خەونێکی شادی ببینن
وەکو بەهار ... وەکو دەریا !

## هەڵەبجە

ئاگرێکی باڵا بەرزی ستەم کارێك
لەسەر پێ ، بۆ برژاندنی
هەر نێچیرێك
نیوەڕۆیەك
ئاسکێکیان ، هەروا تێ فڕێ دا
دوای برژان
که دەریان کرد
دڵی هێشتا هەر لێی ئەدا ..!

# گوڕ

پاشقولێکیان لێگرتم
پێش کەوتنم...
پەلە قاژەم بوو
بۆ مەرگم
بەڵام
کەوتنم بە نووچ دان
ستەم بوو لام
بۆیە سەرسم ،
گوڕی هەستانەوەی پێدام ...!

لەناو کتێبخانەیەکی میونشن – ئەڵمانیا

نووسینەوە 15 – 2 – 2006

Adilshaswary2000@yahoo.com

